# فیقهی ئاسان: پەرتووکی ڕۆژوو: دەروازەی چوارەم: گرتنەوەی ڕۆژوو، وە ڕۆژووی سوننەت، لەگەڵ ئەو ڕۆژووانەی مەکروھ و حەرامن

الفقه الميسر: كتاب الصيام: الباب الرابع: في القضاء والصيام المستحب, وما يكره ويحرم من الصيام

< كوردی - كردي - kurdish >


## دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

## گرتنەوەی ڕۆژوو، وە ڕۆژووی سوننەت، لەگەڵ ئەو ڕۆژووانەی مەکروە و حەرامن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار وياوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی چوار بابەتی سەرەکی دەکەین، ئەوانیش گرتنەوەو قەزاکردنەوەی ڕۆژووە، لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی کە سوننەتە مرۆڤی موسڵمان تێیاندا بەڕۆژوو بێت، باشتریش ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی کە مەکروهـ وباش نیە تێیاندا بەڕۆژوو بین، لە کۆتاییشەوە تیشك دەخەینە سەر ئەو ڕۆژانەی کە حەرام ونادروستن تێیدا بەڕۆژوو بین : -

ئەمەش چەند بابەتێکی لە خۆ گرتووە : -

### بابەتی یەکەم : گرتنەوە (قەزا کردنەوەی) ڕۆژوو :

ئەگەر هاتوو هەر موسڵمانێك بەبێ عوزریکی شەرعی ڕۆژێکی لە ڕەمەزان نەگرت، یاخود شکاندی، واجبە لەسەری تەوبە لەو کارەی بکات وداوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، چونکە کارێکی لەو شێوەیە تاوانێکی گەورە وگوناهێکی مەزنە، لەگەڵ ئەوەی واجبە لەسەری تەوبەی لێبکات و داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگاریش بکات دەبێت پاش مانگی ڕەمەزان لەسەر ڕای پەسەند ودروستی زانایان زۆر بەخێرایی بیشیگرێتەوە ودوای نەخات، چونکە بەبێ بوونی هیچ عوزر وبیانویەکی شەرعی ڕۆژووی شکاندووە و نەیگرتووە، ئەصلیش وایە ئەو کەسە ڕۆژووکەی لەکاتی خۆیدا بگرتایە و نەیشکاندایە .

بەڵام ئەگەر هاتوو بەهۆی عوزر وبیانویەکی شەرعی وەك سوڕی مانگانە و خوێنی منداڵبوون و عوزرە شەرعیەکانی ترەوە ڕۆژووی نەگرت، ئەوا واجبە لەسەر قەزای بکاتەوە بەڵام نەك بەخێرایی، بەڵکو دەتوانێت لە هەر ڕۆژ ومانگێکدا بۆی کرا تا

ڕەمەزانێکی تر بیانگرێتەوە، بەڵام سوننەت وایە کە پەلە بکات لەگرتنەوەی، چونکە پەلەکردن لەگرتنەوەی ڕۆژووی قەرز ئەستۆی مرۆڤ لای خوای گەورە پاکدەکاتەوە، و باشتریشە بۆ بەندە کە پەلە بکات لەگرتنەوەی، چونکە پێدەچێت حاڵەتێکی وا بێتە پێشەوە بۆ ئەو کەسە وەك نەخۆشی وهاوشێوەکانی ڕێگر بن لەگرتنەوەی، خۆ ئەگەر هاتوو عوزری هەبوو لەدواخستنی و نەیگرتەوە تاوەکو رەمەزانێکی تر هات بەسەردا، ئەوا دەبێت دوای کۆتایی هاتنی رەمەزانی دووەم بیانگرێتەوە .

بەڵام ئەگەر هاتوو بەبێ بوونی عوزرێکی شەرعی گرتنەوەی دواخست بۆ دوای ڕەمەزانێکی تر ئەوە دەبێت لەگەڵ گرتنەوەی خواردنی هەژارێکیش بدات .

پێویستە ئەوەش بزانرێت گرتنەوەی ڕۆژووی فەوتاو وقەزاکردنەوەی لەسەریەك واجب نیە، بەڵکو دروستە پێکەوە یان بە جیا جیا قەزاشیان بکاتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [ البقرة: ١٨٤ ] .

واتا : ئەگەر یەکێکتان نەخۆش کەوت، یاخود کەوتە ناو سەفەر، ئەوە دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت و لەڕۆژانی دوای ڕەمەزاندا بە قەزا بیگێڕێتەوە.

دەبینین خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا لەسەریەك گرتنەوە و نێوان نەکەوتنی ڕۆژەکانی بەمەرج نەگرتووە، چونکە ئەگەر ئەوە مەرج بوایە ئەوا پەروەردگار ڕوونی دەکردەوە .

### بابەتی دووەم : ڕۆژووە سوننەتەکان :

یەکێك لە حیکمەتەکانی خوای گەورە ومیهرەبان ورەحم ومیهرەبانیەکانی لەگەڵ بەندەکانیدا، ئەوەیە هاوتای ئەو فەرزانەی کە دایناوە بەسەریانەوە سوننەتەیشی بۆ داناون، ئەویش لە پێناو بەدەستهێنانی پاداشت وثەوابی زیاتر بۆ بکەرانی، وقەرەبووکردنەوەی ئەو نوقسانی وناتەواوی وخەلەلانەی هەندێك جار لە فەرزەکاندا ڕوو دەدەن، لە پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا، ئەو فەرزانەی کە کەموکورتیان تێکەوتووە

خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا بە سوننەتەکان پڕیان دەکاتەوە، ئەو ڕۆژانەش کە ڕۆژوو گرتنیان تێدا سوننەتە ئەمانەی خوارەوەن کە باسیان لێوە دەکەین : -

1-ڕۆژوو گرتنی شەشەڵان ( شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال ) : لەم بارەیەوە ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : لە پێغەمبەری خوام ( صلی اللە علیە وسلم ) بیست فەرمووی : {من صام رمضان، ثم أتبعە ستا من شوال، كان كصيام الدهر } [(1)].

واتا : هەرکەسێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی گرت، وپاشان شەش ڕۆژ لە مانگی شەوالی بەدوادا گرت ئەوە وەك وایە یەك ساڵ بەڕۆژوو بووبێت .

2- ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عەرەفە بۆ کەسانی غەیری حاجی : لەم بارەیەوە أبو قەتادە( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمووی : { صيام يوم عرفة أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله، والسنة التي بعده } [(2)] .

واتا : ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە ئومێدم وایە لای خوای گەورە ببێتە مایە سڕینەوەی تاوانی ساڵێك لەوەوە پێش و ساڵێك لەوەو دوایش .

بەڵام سەبارەت بە حاجیان سوننەت نیە کە لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بن، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو نەبووە وخەڵکیش تەماشایان دەکرد، وە هەروەها ڕۆژوو نەگرتن لەو ڕۆژەدا دەبێتە هۆی ئەوەی حاجیان بەهێز وبەگوڕ بن بۆ عیبادەت وپەرستنی خوای گەورە ونزا وپاڕانەوە لەو ڕۆژەدا.

3-ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عاشورا : لەبارەی ڕۆژووی ڕۆژی عاشوراوە لە پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) یان پرسی، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : { أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله } [(3)] .

واتا : ئومێدیم وایە ببێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی ساڵێکی لەوەو پێش .

(1) موسلیم بە فەرمووده‌ی ژمارە (1164) ڕیوایەتی کردووە .
(2) موسلیم بە فەرمووده‌ی ژمارە (1162) ڕیوایەتی کردووە .
(3) موسلیم بە فەرمووده‌ی ژمارە (1162) ڕیوایەتی کردووە ، بەشێکە لە فەرموودەیەکی دوور ودرێژ .

وە هەروەها سوننەت ڕۆژێك پێش عاشورا یان دوای عاشورایش بگیرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " لإن بقيت إلى قابل لأصومن التاسع " [1] .

واتا : ئەگەر مام تا ساڵی داهاتوو، وە نەمردم، ئەوا ڕۆژی نۆهەم – نۆی مانگی موحەڕەم – یش بە ڕۆژوو دەبم .

هەروەها لەم بارەیەوە فەرموویەتی : " صوموا يوما قبله أو يوما بعده، خالفوا اليهود " [2] .

واتا : ڕۆژێك پێش عاشورا، یان دوای عاشورا بەڕۆژوو بن، ئێوە موخالەفە و پێچەوانەی جولەکەکان بکەن .

4-ڕۆژوو گرتنی ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەك، لەم بارەیەوە عائیشەی دایکی باوەڕداران دەگێڕێتەوە ودەڵێت : " كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يتحرى صيام الإثنين والخميس " [3] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) مەبەستی بوو کە ڕۆژووی دوو شەممە و پێنج شەممە بگرێت وهەمیشە پابەند بوو پێوەی .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەر لەبارەی ڕۆژووی ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممەوە فەرموویەتی : { تعرض الأعمال يوم الإثنين والخميس، فأحب أن يعرض عملي وأنا صائم }[4] .

---

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1133) ڕیوایەتی کردووە .

(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (241/5)، وە ابن خزيمة بە فەرموودەی ژمارە (2095) ڕیوایەتی کردووە، بەڵام لە سەنەدەکەیدا لاوازی هەیە، بەڵام لە عەبدوڵای کوڕی عەباسەوە بە صەحیحی هاتووە کە مەوقوفە قەسەی خۆیەتی .

(3) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (201/5)، وە تیرموذیش بە فەرموودەی ژمارە (745) ڕیوایەتی کردووە، وە تیرموذی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیحە، وە شێخ ئەلبانایش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : التعليق على ابن خزيمة فەرموودەی ژمارە : 2116 .

(4) تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (751) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش (322/1)، وە أبوداویش بە فەرموودەی ژمارە (2436)، وە تیرموذی بە حەسەنی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش دەڵێت صەحیحە، بڕوانە : ( صحيح الترمذي : فەرموودەی ژمارە : 596 ) .

واتا : کردەوەکان ڕۆژانی دوو شەممە وپێنج شەممە پێشانی خوای گەورە دەدرێن، بۆیە من حەزدەکەم کاتێك کردەوەکانم پێشانی خوای گەورە دەدرێن بەڕۆژوو بم .

5-ڕۆژوو گرتنی سێ ڕۆژی هەموو مانگێك : لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بە عەبدوڵای کوڕی عەمری فەرمووە : {صم من الشهر ثلاثة أيام، فإن الحسنة بعشر أمثالها، وذلك مثل صيام الدهر } [1] .

واتا : لە مانگێك سێ ڕۆژ بە ڕۆژووبە، چونکە هەموو چاکەیەك بە دە هێندەی خۆیەتی، وە وەك ڕۆژووی ساڵێك وایە .

وە ئەبو هورەیرەش ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : " أوصاني خليلي بثلاث : صيام ثلاثة أيام من كل شهر، وركعتي الضحى، وأن أوتر قبل أنام " [2] .

واتا : خۆشەویستم ( مەبەست پێی پێغەمبەری خوایە درودی خوای لێ بێت ) وەصیەت وئامۆژگاری کردم بە سێ شت : ڕۆژووی سێ ڕۆژ لە مانگێکدا، وە بەدوو ڕکات نوێژی چێشت تەنگاو، وە بە نوێژی ویتر پێش ئەوەی بخەوم .

سوننەتە ئەو سێ ڕۆژە سێ ڕۆژە سپیەکان بێت، کە بریتین لە سیانزە وچواردە و پانزەی هەموو مانگێکی کۆچی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبوذەر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : {من كان منكم صائما من الشهر فليصم الثلاث البيض } [3] .

واتا : هەر کەسێك لە ئێوە بەڕۆژوو بوو، ئەوا با سێ ڕۆژە سپییەکە بەڕۆژوو بێت .

6-گرتنی ڕۆژووی ڕۆژناڕۆژێك : لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { أفضل الصيام صيام داود عليه السلام، كان يصوم يوما ويفطر يوما } [4] .

---

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1976) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1981) ڕیوایەتی کردووە .
(3) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (152/5) ، وە نەسائیش (222/4)، لەفزەکەش لەفزی ئەحمەدە، وە شێخ ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە : ( صحيح سنن النسائي : فەرموودەی ژمارە : 2277 – 2281 ) .
(4) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1976) ڕیوایەتی کردووە .

واتا : باشترین ڕۆژوو ڕۆژووی داوده سەلامی خوای لێ بێت، کە ڕۆژنا ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو .

ئەمەش باشترین وچاکترین ڕۆژووی سوننەتە .

7-ڕۆژوو گرتنی مانگی موحەڕەم، لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أفضل الصيام بعد رمضان شهر الله المحرم، وأفضل الصلاة بعد الفريضه صلاه الليل } [1] .

واتا : باشترین ڕۆژوویەك دوای ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ڕۆژووگرتنی مانگی موحەڕەمە، وە باشترین نوێژێکیش پاش نوێژە فەرزەکان شەو نوێژ کردنە .

8-ڕۆژووی نۆ ڕۆژی مانگی ذي الحجة : ئەمەش بە یەکەم ڕۆژی مانگی ذي الحجة دەست پێدەکات وە بە گرتنی نۆیەم ڕۆژ کۆتایی دێت، کە ڕۆژی عەرەفەیە، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودانە کە لەبارەی فەزڵی خێر وچاکە لەو مانگەدا هاتوون، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی ئەم ڕۆژانەوە فەرموویەتی : {ما من أيام العمل الصالح فيهن أحب إلى الله من هذه العشر} [2] .

واتا : هیچ ڕۆژانێك كار وكردەوەی چاكە تێیاندا هێندەی ئەم دەڕۆژە خۆشەویستر نیە لای خوای گەورە .

## بابەتی سێهەم : ئەو ڕۆژووانەی کە مەکروه وحەرامن گرتنیان :

1-مەکروهە تەنها لە مانگی ڕەجەبدا ڕۆژوو بگیرێت، چونکە ئەوە یەکێکە لە شەعائرەکانی سەردەمی نەفامی، بەڵام ئەگەر هاتوو جگە لە ڕەجەبیش ڕۆژووی تری گرت ئەوا مەکروه نیە، چونکە ئەو کاتە ڕۆژوو گرتنەکە تایبەت نەکراوە بە

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1163) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (969) ڕیوایەتی کردووە .

ڕەجەبەوە، **روى أحمد بن خرشه بن الحر، قال رأيت عمر بن الخطاب يضرب أكف المترجبين، حتى يضعوها في الطعام، ويقول : " كلوا فإنما هو شهر كانت تعظمه الجاهلية "** [1] .

واتا : ئەحمەدی کوڕی حرشەی کوڕی حوڕ ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : عومەری کوڕی ختابم بینی ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیدا لە دەستی ئەو کەسانەی کە تەنها لە مانگی ڕەجەبدا بەڕۆژوو دەبوون تا دەستی دەخستنە ناو خواردنەوە، پاشان پێی دەوتن : بخۆن، چونکە ئەوە مانگێکە پێشتر سەردەمی نەفامی بە گەورە و پیرۆزی دادەنا .

2-مەکروهە ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی هەینی بە تەنها: لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا تصوموا يوم الجمعة، إلا أن تصوموا يوما قبله أو يوما بعده } [2] .

واتا : ڕۆژی هەینی بە تەنها بەڕۆژوو مەبن، مەگەر کاتێك نەبێت ڕۆژێك پێشتر یان پاشتر لەگەڵیدا بەڕۆژوو بیت .

ئەگەر هاتوو ڕۆژی هەینی لەگەڵ ڕۆژێکی پێشتر یان پاشتر ڕۆژووی تێدا گیرا، گرفت نیە، چونکە فەرموودەکەی سەرەوە باسی لەوە کردووە .

3- مەکروهە ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی شـەممە بە تەنها : لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فـەرموویەتی : { لا تصوموا يوم السبت إلا فيما افترض عليكم } [3] .

واتا : ڕۆژی شەممە بەڕۆژوو مەبن، مەگەر خوای گەورە لەسەری فەرز کردبن.

مەبەست پێی ئەوەیە بەتەنها وتایبەت کردنی ڕۆژووی ڕۆژی شەممە مەکروهە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێك پێشتر یان پاشتری لەگەڵیدا گیرا گرفت نیە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە

---

(1) ابن أبي شيبة لە ( المصنف ) دا تەخريجی کردووە ( 2 / 182 )، شێخ ئەلبانی دەڵێت : ڕیوایەتێکی صەحیحە، بڕوانە : إرواء الغليل : (113/4) .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1985)، و موسليم بەفەرموودەی ژمارە (1144) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) أبوداود بە فەرموودەی (2421) وە تیرموذي بە فەرموودەی ژمارە (744) و ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (1726) ڕیوایەتیان کردووە، هەروەها حاکمیش ڕیوایەتی کردووە (435/1)، تیرموذي بە حەسەنی داناوە، حاکمیش لەسەر مەرجەکانی بوخاری بە صەحیحی داناوە، ذەهەبیش هاوڕایە لەگەڵیدا، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح الترمذي، فەرموودەی ژمارە (594) .

عن جويرية بنت الحارث رضي الله عنها أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) دخل عليها يوم الجمعة وهي صائمة : فقال : {أصمت أمس؟ قالت: لا، قال : تريدين أن تصومي غدًا ؟ قالت: لا، قال: فأفطري } [1] .

واتا : جوەیریەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : ڕۆژێکی هەینی بەڕۆژوو بووم، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هات بۆلام، پێی فەرموو : ئایا دوێنێش بەڕۆژوو بوویت ؟ ووتی : نەخێر، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو : ئایا دەتەوێت سبەینێ بەڕۆژوو بیت، جوەیریە ووتی : نەخێر، ئەویش پێی فەرموو : دەی کەواتە ڕۆژووەکەت بشکێنە .

ئەو بەشەی فەرموودەکە دەڵێت : " تريدين أن تصومي غدًا ؟ " ئایا دەتەوێت سبەینێش بەڕۆژوو بیت، بەڵگەیە لەسەر دروستی و صەحیحی ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی شەممە لەگەڵ ڕۆژێکی تردا .

ئیمامی تیرموذی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) پاش ئەوەی کە فەرموودەکەی ڕێگری کردن لە بەڕۆژوو بوونی شەممە ڕیوایەت دەکات، دەڵێت : مانای مەکروهـ بوونی ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی شەممە لەم فەرموودەیەدا ئەوەیە کەسێك بەتەنها ڕۆژی شەممە بەڕۆژوو بێت، چونکە جولەکەکان ڕۆژی شەممە بە گەورە وپیرۆز دادەنێن .

4-حەرامە ( ڕۆژی گومان = يوم الشك ) ڕۆژی سیهەمی مانگی شەعبان بەڕۆژوو بیت، ئەگەر هاتوو ئاسمان هەور وهەڵا بوو نەدەتوانرا مانگ ببینرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئاسمان سایەقەی ساماڵ بوو ئەوا بە ڕۆژی گومان ( يوم الشك ) دانانرێت، بەڵگەی حەرامی ئەمەش ئەو فەرموودەیەیە کە عەمار ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی دەکات کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من صام يوم الذي يشك فيه فقد عصى أبا القاسم } [2] .

---

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1986) ڕیوایەتی کردووە .

(2) بوخاری لە صەحیحەکەیدا بە صیغەی جەزم بە فەرموودەیەکی موعەلەقی داناوە، _کتاب الصيام، باب قول النبي (صلى الله عليه وسلم) : إذا رأيتم الهلال فصوموا، بەڵام تیرموذي بە فەرموودەی ژمارە (689) بە فەرمودەیەکی

واتا : هەركەسێك ڕۆژی گومان ( يوم الشك ) بەڕۆژوو بێت ئەوە سەرپێچی أبا القاسم - پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ی كردووە .

وە لە فەرموودەیەكی تردا فەرموویەتی : " لا يتقدمن أحدكم رمضان بصوم يوم أو يومين، إلا أن يكون رجل كان يصوم صومه فليصم ذلك اليوم " [1] .

واتا : هیچ كەسێك لە ئێوە بەڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبێت، مەگەر كەسێك هەر خۆی پێشتر ئەو ڕۆژانەی گرتبێت، ئەوا با بەڕۆژوو بێت .

مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە كەسێك بە مەبەستی ئیحتیاط كردن بۆ مانگی ڕەمەزان ڕۆژێك پێش مانگی ڕەمەزان با بەڕۆژوو نەبێت، چونكە ئەو ڕۆژووەی پەیوەستە بە بینی مانگەوە بۆیە پێویست بە ( تكلف ) و زۆر لەخۆكردن ناكات، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو كەسە هەر خۆی لە مانگەكانی تریشدا ئەو ڕۆژانەی گرتبێت – وەك ئەوەی ئەو ڕۆژە كەوتە بەر ڕۆژی دوو شەممە یان پێنج شەممە، و ئەو كەسەش خۆی ڕۆژانی دوو شەممە وپێنج شەممە پێشوتر بەڕۆژوو دەبوو – چونكە ئەگەر ئاوابوو مەبەست پێی پێشوازی كردن نیە لە مانگی ڕەمەزان، هەروەها ئەگەر كەسێك لەو ڕۆژەدا ڕۆژوی قەزای گرتەوە یان ڕۆژووی نەذری لەسەر بوو گرفت نیە بەڕۆژوو بێت .

5-حەرامە ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژانی هەردوو جەژنەكە، لەم بارەیەشەوە ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : " نهى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) عن صوم يوم الفطر والنحر " [2] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری كردووە لە ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان وجەژنی قوربانەدا .

---

پەیوەست هێناویەتی، وە دەڵێت : فەرموودەیەكی حەسەن و صەحیحە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح الترمذي بە ژمارە(553) .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1914) ڕیوایەتی كردووە .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1991) ڕیوایەتی كردووە .

هەروەها عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) ووتویەتی : " هذان يومان نهى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) عن صيامهما : يوم فطركم من صيامكم، واليوم الاخر تأكلون فيه من نسككم "[1].

واتا : ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لە ڕۆژوو گرتن تێیاندا، ئەو ڕۆژەی کە ڕۆژووی تێدا دەشکێنن کە جەژنی ڕەمەزانە، لەگەڵ ڕۆژێکی تر کە ئێوە خەریکی خواردنی گۆشتی قوربانیەکانتانن کە جەژنی قوربانە .

6-مەکروهە ڕۆژگرتن لە ڕۆژانی ( أيام التشريق ) کە مەبەست پێی سێ ڕۆژی دوای یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە، ڕۆژی یازدە ودوازدە وسیازدەی مانگی ذي الحجة، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {أيام أكل وشرب وذكر الله عزوجل } [2] .

واتا : ئەم ڕۆژانە - ڕۆژانی جەژنی قوربان – ڕۆژانی خواردن وخواردنەوە وذکر ویادی خوای گەورەیە .

هەروەها فەرموویەتی : {يوم عرفة ويوم النحر وأيام التشريق عيدنا أهل الإسلام، وهي أيام أكل وشرب } [3] .

واتا : ڕۆژی عەرەفە وجەژنی قوربان وڕۆژانی تەشریق جەژنی ئێمەی ئەهلی ئیسلامن، کە ڕۆژانی خواردن وخواردنەوەن .

بەڵام ڕێگا دراوە بۆ ئەو حاجیانەی کە حەجی تەمەتوع و قیرانیان کردووە و نەیان بووە کە ئاژەڵێك سەرببڕن، سێ ڕۆژی دوای یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بەڕۆژوو بن، بە بەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی کە هاتووە، کە عائیشەی دایکی باوەڕداران و عەبدوڵای

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1990) ڕیوایەتی کردووە .
(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1141) ڕیوایەتی کردووە .
(3) تیرموذي بە ژمارە (777) ڕیوایەتی کردووە، وە ووتویەتی: فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیحە، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح الترمذي، فەرموودەی ژمارە (620) .

کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ووتویانە : " لم يرخص في أيام التشريق أن يصمن إلا لمن لم يجد الهدي "[1] .

واتا : ڕێگا نەدراوە ڕۆژانی تەشریق – سێ ڕۆژی دوای یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان – کەس تێیدا بەڕۆژوو بێت، مەگەر بۆ ئەو حاجیانە نەبێت کە ناتوانن ئاژەڵ سەر ببڕن .

خوایە گیان بۆ خاتری ناو وصیفەتە بەرز وجوانەکانت ڕۆژوو وطاعەت وعبادەتی ئەم مانگە پیرۆزەمان لێ وەربگریت، وبیکەیت بە توێشووی ڕۆژی دوایی بۆمان، ئەو ڕۆژەی کە نە ماڵ وسەروەت وسامان ونە کوڕ وکاڵ هیچ سودێکیان نیە، ئامین یارب العالمین .

**وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1997- 1998) ڕیوایەتی کردووە .